میژوو قسەی خۆی دەکات!

عەلی مەحمود محەمەد

چۆن 3ی ئابی 2014 بۆ کوردستان، میژوویيکی جیای لە رابردووی بە دنیا بەرهەم هێنا، لە پەیوەندی نێوان موسڵمانان و ئێزیدییە کوردەکان و پێکهاتە ئاینییەکانی دی لەناو خۆی کۆمەڵگای کوردستان، ئیتر لەو میژووە بەدواوە داگیرکردنی خاك و کوشتن و کۆیلەکردنی ژنانی ئێزیدی و غەیرە موسڵمانان بۆ پیاوانی موسڵمانی کورد، پیرۆزیی و رەوایی نەما، لە ئاستی جیهانیش کوشتنی جۆرج فلۆید لە 25ی ئایاری 2020 لە شاری مینیابۆلیسی ئەمریکا، میژووی پێنج سەدەی رابردووی رۆژئاوای هەڵتەکاند، 25ی ئایار کودەتایەکی شۆڕشگێڕانە بوو بەسەر میژوودا، ئەمە سەرەتایەکە بۆ پێداچونەوە بە رابردوو و هەڵسەنگاندنی نوێی پیرۆزی ورەوایەتیەکانی رابردوو، دیاردەی جۆرج فلۆیدەکان لە کات و شوێنی جیای دنیا بەردەوام دەبن، بە کۆیانەوە میژوویەکی نوێ بۆ مرۆڤایەتی دەنووسرێتەوە، مرۆڤانەتر و راستتر بێت لەو میژووەی کە تا ئێستا دەسەڵاتداران نوسیویانەتەوە.

ئەفلاتون و ئەرستۆ دوو ناوە گەورەکەی فەلسەفەو رۆشنبیری کۆیلەداریان پیرۆز کردووە، بۆیە دەکەونە بەر تیغی میژووە نوێکەو رزگاریان نابێت، گاندی سەر بە چینی براهما بووەو باوەڕی بە ستەمی کاستاتی هیندۆسی هەبوو، چەندە ئاشتی خواز بێت، چڵە زەیتوونەکان چەندە سەوزو زۆر بن و بەرگی پیرۆزی براهمایی دادی نادات و دەبێت بچێتە بەر دادگاییکردنی ستەمی زاڵمانەی کاستاتی هیندۆسی، لە بالتیمۆری هەرێمی ماریلاندی ئەمەریکا خۆپیشاندەران پەیکەری کریستۆفەر کۆلۆمبسیان شکاند و فڕێیان دایە ئۆقیانووسی ئەتەڵەسیەوە، کۆلۆمبسێك رۆژئاوای کردە کەڵەگای جیهان، سەرچاوەی نیعمەت و خشڵ و زێڕو خاکی پان و بەرین و بەبەرەکەتی تازە دۆزراو بوو بۆیان، کەچی ئەمڕۆ پەیکەرەکان وەك شێرە بەفرینە لەبەردەم نەوەی کۆیلەکان دەتوێتەوەو بێڕیزی پێ دەکرێت، تەنانەت ئاڵای ئەمەریکاش سوتێنرا لە سەردەمی دروشم و هێزی یەکەم ئەمەریکادا، وێلسن سەرۆکی 28مینی ئەمەریکا، لە کاتی خۆی زۆرترین رێزو خۆشەویستی هەبوو، کەچی لە بەرواری 27-6-2020دا زانکۆی برینستۆن لە ولایەتی نیوجیرسی ئەمەریکا ناوی لەسەر بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەڵگیرا، بەهۆی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی بەرامبەر بە رەش پێستەکان، تەنانەت تاوانی راستیزم چەرچڵیشی گرتەوە، نە سەرکەوتنەکانی جەنگی جیهانی دووەم و نە نۆبڵی ئەدەبەکەی فریای نەکەوت، چونکە پشتیوانی داگیرکاری هیندستانی کردووە، لە شاری ئەنتۆرپنی بەلجیکاش پەیکەری لیبۆلدی دووەم لادرا، کە لە ساڵانی 1865 بۆ 1909 حوکمی وڵاتی کرد، چونکە لە نێوان ساڵانی 1885 بۆ 1909 زیاتر لە 10 بۆ 15 ملیۆن کۆنگۆیی لە ماوەی دەسەڵاتیدا کوژران، پەیکەرەکەی بە پەیکەری یاریچیەکی

ناوداری شارەکە بەناوی تۆبی ئەلدرۆیلد گۆڕایەوە, بەم شێوەیە لە زۆر وڵات وەك رمانی پولی دۆمینە, پەیکەرو ناوی لایەنگرانی سستەمی کۆیلایەتی و راسستەکان دارمان,هێشتا ناوێکی زۆری دی ماوە, بە چاوی سوکەوە سەیری رەش پێستەکانیان لە قالبی ئاینیدا کردووە, بچنە ئەو فەرهەنگە نەفرەتییەوە, هاوکات هەموو هێمکانی حکومەتی کۆنفدرالی باشوری ئەمەریکا کەوتنە لادران, چونکە دژ بە هەڵوەشاندنەوەی سستەمی کۆیلەدری بوون لە ساڵی 1861 دا, ئاڵای کۆنفدراڵی لە ولایەتەکانی باشور هەموو داگرتران, ئەمە بە پراتیك نووسینەوەیەکی نوێی مرۆڤانەی مێژوو بوو, نەك وەك ئەوەی ترامپ وتی" وێران کردنی مێژوو", لە ئیسپانیاش فرانکۆ لە گۆڕستانی دۆڵی شەهیدان رفاتەکەی دەرکرا, سەرۆکی فەرەنساش دەستخۆشی لە تانەر ئەکچام مێژووناسی تورك کرد کە لە پەرتوکێکدا بە بەڵگەوە سەلماندویەتی دەوڵەتی عوسمانی فەرمانی دابوو بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان, تانێر ئەکشام ئەو لە پەرتوکەکەیدا فەرمان و بڕیارەکانی عوسمانی بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی بڵاو کردەوە, وەك سەلماندنی ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی بە نەخشە لە لایەن دەوڵەتەوە,ئەم شێوە نووسینەوە مرۆڤانەیەی مێژوو دەبێتە رێبازو قوتابخانەی داهاتوو, تەواوی ئەفسانە پیرۆزەکانیش نەك تەنها مێژووە دەستکردەکانی چینە باڵادەستەکان رادەماڵێت, ئێمەش دەبینە بەشێك لەو قوتابخانە مرۆییەی مێژوو, بۆیە چەندە زوو پێی بگەین, زووتر مێژوو رزگار دەکەین .

لەم روانگەیەوە وەك بەشێك لە خێزانی مرۆڤایەتی, دەتوانین مێژوویەکی نوێ بۆ کوردستان بنووسینەوە, لە سەرەتاوە بە دیدێکی مرۆیانە بڕوانینە کارو کردەوەی بزوێنەرانی ئەو مێژووە, کە خۆی لە ئەکتەرە چالاکەکانی کۆمەڵگا کە بە سەرکردە سیاسییەکان ناو نراون , چۆن ولسن و کۆڵۆمبس و چەرچڵ و فرانکۆ جارێکی دیکە لە دیدێکی مرۆڤانەتر لە رابردوو خوێنرانەوە, بزانین ئەم ئەکتەرانەی کوردیش پە پولە بوونە یان تاوانکار؟, لێرەوە دور لە سۆز بۆی بچین, بە حەقیقەتی خۆیانەوە تەسلیم مێژوویان بکەین, تا ئەم حەقیقەتە دەرنەخەین, ئەوا مێژوو زوڵم لە قوربانیانیان دەکات, یاداشتە درۆیینەکانی ئەوان دەبنە حەقیقەتی مێژوویی.

تاوان یەك پێوەری هەیە, بەو پێوەرە حەقیقەتی یاساییەکەی دیاریدەکرێت و دەپێورێت لە ئاستی جیهانی, ئەگەر سزاکانیش جیاواز بن, جیاوازی ناکات لە ناسنامەی بکەر لە هەموو رووەکانەوە, گرنگ کەسی تۆمەتبار پاش ساغبونەوەی تۆمەتەکان لە سزا رزگاری نەبێت, لێرەدا دوو نموونە دێنمەوە, لەسەر نەبوونی جیاوازی لە نێوان پێگەی تۆمەتبار لە هەمبەر دەسەڵات, ئەگەر دەسەڵات نەفرەت لێکراویش بێت بۆ وڵاتانی باڵادەستی جیهانی " هاشم تاجی سەرۆك پێشوی کۆسۆفۆ و سەرۆکی سوپای رزگاری کۆسۆفۆ, رابەرایەتی خەباتی چەکداری گەلی کۆسۆفۆی کرد, بۆ گەیشتن بەوەی پێی گەیشتن, تۆمەتی تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی بەرەو رویکرایەوە, کە خۆی لە 10 جۆرە تاوان دەبینێتەوە, کوشتن, بێسەرو شوێنکردن, چەوساندنەوەو ئەشکەنجە, هەنووکە چاوەڕوانی دادگاییکردنەو لە پۆستەکانی دور خراوەتەوە, نموونەی دووەم لە ڕۆژی دووشەممە 18-5-2009 بەحر ئیدریس ئەبوقردە, سەرۆکی

بەرەی بەرگری یەکگرتووی دارفۆر ئامادەی بەردەم دادگا بوو لە شاری لاهای هۆڵەندا, ناوبراو لەگەڵ دوو سەرکردەی دارفۆری دیکە کە تا ئێستا ناوەکانیان ئاشکرا نەکراوە لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتیەوە" ئای سی سی" تۆمەتبار کران بە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ بە پەلاماردانی هێزەکانی ئاشتی پارێزی سەر بە یەکێتی ئافریکا لە دارفۆر لە ساڵی 2007, کە لەو پەلامارەدا 12 کەس لە هێزەکانی ئاشتی پارێز گیانیان بەختکردووە, لە تشرینی دووەمی ساڵی 2008, داواکاری گشتی لوریس مۆرینۆ ئۆکامبۆ بڕیاری دەستگیر کردنی سیان لە سەرکردە سەربازیەکانی دارفۆری دەرکرد بە تاوانی هێرشی ناوبراو , کە هێرشی بۆ سەر هێزەکانی ئاشتی پارێزیان بە تاوانی گەورە ناوزەد کرد, دواتر قردە بێ تاوان دەرچوو , ئازایانە هاتەبەردەم دادگا, مەبەست لەم دوو نموونەیە جیاوازی نەکردە لە نێوان بەرهەڵستکاری حکومەت لە سزای تاوان, لە هەردوو وڵاتەکە سەرۆك کۆمارەکانیان لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە تۆمەتبار کرابون" میلۆسۆفیج و عومەر بەشیر", کەچی ئۆپۆزسیۆنی و دەسەڵات وەك یەك مامەڵیان لەگەڵدا کراوە بەرامبەر بە گومانی تاوانەکان و داد پەروەری.

پایەی داد پەروەری جیهانی لەسەر سێ کۆڵەکە راوەستاوە, ئەوانیش بریتین لە" داد پەروەری, راستی, قەرەبووکردنەوە", داد پەروەری لە لێکۆڵینەوە لە هەموو تاوانەکان بێجیاوازی و لێپرسینەوە لە هەموو گومانلێکراوانی تاوانەکان لە دادگایەکی داد پەروەردا بێ چاوپۆشی لە کەس, کە مافەکانی هەردوولا پارێزراو بن بێ لاسەنگی, بە مەرجێك لەکۆتای پرۆسەکە تاوانبار لە سزا رزگاری نەبێت, هەرچی راستیەکانە, قوربانیەکان و کەسوکارەکانیان هەموو راستیەکان سەبارەت بە تاوانەکان کە بەرامبەریان کراوە بزانن, هاوکات دەسەڵات پێویستە هەموو راستیەکان و گوتەی هەموو لایەنەکانی تاوانەکان بە فەرمی لە کەناڵەکانی بڵاو بکاتەوە وەك راستی دانیان پێدا بنێت, دان نەنان بە راستیەکان وەك مۆتەکە وایە متمانە ناهێڵێت و حەقیقەتەکان دادەپۆشێت, لە کۆتادا قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و خێزانەکانیان لە روی مادی و مەعنەویەوە بۆ سەرلەنوێ بنیات نانەوەی ژیانیان و لە بیربردنەوەی تاوانەکان بەشێکی گرنگی پرۆسەکەیە, داد پەروەری لە جیهان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی ناگۆڕێت, یەك پێوەری ستانداردی جیهانی هەیە بۆی, کە پایەکەی لەسەر بنەماکانی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی و جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ و رێکەوتنامەی جنێف و مافی مرۆیی جیهانی راوەستاوە, ئیبراز کردنی کۆمەڵکوژیەك و فەرامۆش کردنی دانەیەکی تر، بە پێی هێزو فاکتی بەرژەوەندی ئەو لایەن و دەوڵەتەی لە پشتی وەستاوە, پێچەوانەی داد پەروەرییە , هاوکات کارێکی نا ئەخلاقیشە.

باسکردنی تاوانە زەقەکانی رابردووی کوردستان بەشێك نییە لە کولاندنەوەی برین وەك لایەنگرانی تاوانکاران ئاماژەی پێدەدەن, برینەکەی ئەوان لە پێناو دەرباز بوونە لە سزا, باسنەکردن و رێگا گرتن لە باسکردنی تاك بە تاکی تاوانەکان و گەڕاندنەوەی داد پەروەری بۆ خۆی بەشێکە لە تاوان و برینی راستەقینە, نەبوونی داد پەروەری برینێکی

قوڵە لە جەستەی دەسەڵات, مرۆڤەکان لە کەرامەتدا یەکسانن باوەڕو پێگەی چینایەتی و پلەو پۆستیان هەرچیەك بێت, بۆیە پێویستە بێجیاوازی لە هەموو تاوانەکان رابردوو بکۆڵرێتەوە, کەرامەت بۆ قوربانیان بهێنرێتەوە, داد پەروەری دژ بە ئاشتەوایی نییە, بەڵکە ئەوە ئاشتەواوی کۆمەڵایەتییە بێ داد پەروەر نایاتە دی, نرخی مرۆڤەکان و سزای تاوانەکان لەسەر بنچینەی ئینتمای سیاسی و ناوچەیی دیاری ناکرێن, بەڵکە هەموو لەهەمبەر یاساو دادوەریدا یەکسانن, هیچ کەسێك لەوانەی لە تاوانەکاندا دەستیان هەبووە لە لێکۆڵینەوەکان بەدەر ناکرێن, بەهۆی پۆستی سیاسی و حیزبیەوە, رابردوو لەسەر شانۆی هەنووکەیە, تاوانەکان ناسڕێنەوە بەهۆی پۆست و پارێزبەندی سیاسیەوە, دەبێت داد پەروەری بۆ قوربانیان بگەڕێتەوە, هەر کەسێك بێت قوربانی, حەرامیش نییە و بگرە ئەرکی چالاکوانانی مافی مرۆڤە بێجیاوازی لە نێوان بکەرەکان و پێگەی سیاسی و جەماوەری ئێستایان دۆسیەکان بجوڵێنن, لێ بەش بەشکردنی تاوان کارێکی نا ئەخلاقییە, نابێت هیچ لا پەڕەیەکی تاوانی رابردوو لە تاریکیدا بمێنێتەوە, لە کاتێکدا مێژووی 6 دەیەی رابردوومان تژییە لە تاوانی زەقی سیاسیەکان تا ئاستی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆسایدیش لە هەندێك کاتدا, بەڵکە کارەسات لە شاردنەوەی برینە بەناوی نەکولانەوە, وە درێژکردنەوەی تەمەنی برینەکانە تا ئاستی شێر پەنجە و مەرگ, وەك یاسای نێو دەوڵەتی دیاریکردوە تاوانە زەقەکان کات و شوێن نابێتە رێگر لەبەردەم داواکردنی سزادانی بڕیاردەران, بکەران و هاندەرانی, هاوکات مانەوەی برین و چارەسەرنەکردنی نەخۆشیەکە یانی بەردەوامی دان بە مانەوەی برین و بەرداوامیدان بە کولانەوەو پەروەردە کردنی میکرۆبی زیان بەخش لە جەستەی گەلدا, کەسی تاوانکار هەڵگری میکرۆب و ڤایرۆسی کوشندەی تاوانە, چونکە تا برین بوونی هەبێت لە جەستەدا کولانەوەش بەردەوام دەبێت, هاوکات گوزارشتیشە لە نەخۆشی جەستە, جەستە بۆ خۆی برینی کوشندەی تێدا نەبێت, کولانەوە بوونی نابێت, کولانەوەو برین جوتەن, بێ یەکتری هەڵناکەن, باشترین رێگا چارەسەرکردنی برینە لە رێگای داد پەروەرییەوە, بوونی برین دەریدەخات مرۆڤەکە تەندروست نییەو توانای گەشەی نییەو بەرەو مەرگ دەڕوات, وە چارەسەری ئەمەش لای خەڵکی نییە, بەڵکە لای داد پەروەرییە,چەپڵە تاوان ناسڕێتەوە, تەنها دادوەری دەیسڕێتەوە, دورینەوەی دەمەکان و هەڕەشەی باسنەکردنی نەخۆشیەکە چارەسەر نییە, بەڵکەچارەسەر لای سزادانی ئەو کەسەیە تاوانی ئەنجامداوەو برینی تاوان لە جەستەیایەتی و هەڵگری ڤایرۆسی تاوانە, نابێت بوونی چەند تاوانکارێك ببێتە هۆی نەخۆشی گەلێك, باشترین چارەسەر بڕینەوەی نەخۆشیەکەیەو لە بنەڕەتەوە دەرهێنانێتی, کە خۆی لە دادگایی یاخود لە نەرمترین شێوەیدا لێبوردەیدا دەبینێتەوە, لێبوردەییش لە نەرمترین شێوازیدا بێبەری نییە لەوەی تاوانکار وەك خۆی کە تاوانکارە نیشان بدرێت لە کۆمەڵگادا و دان بە راستیەکاندا بنێت و داوای لێبوردن بکات, لێبوردەیی لە نەرمترین شێوازیدا هەموو ئەم پرۆسانەی لە گەڵدایە, دان نان بە تاوان و داوای لێبوردن و بڵاوکردنەوەی هەمووو راستییەکان, ئەگەر قوربانی ژیانی لێ سەندرابێتەوە, ئەگەر کەسوکارەکەی دادوەرییان بۆ نەگەڕابێتەوە, تاوانکار لە پێگەی تاوانبارییەوە دانی بەراستیەکاندا نەنابێت و داوای لێبوردنی نەکردبێت, ئەوە تاوانکار بەردەوام

لەبەردەم چەقۆی گەڕاندنەوەی داد پەروەری و سزا داندا دەبێت, کە ئەمەش کەمترین هەنگاوە بنرێت, بە مردنیش ئەم تارماییە لە کۆڵی نابێتەوە, چونکە داد پەروەری هەر دەگات بە راستیەکان و لە مێژوودا وەك ئەوەی هەیە تۆمار دەکرێت, وێڕای ئازاری ویژدان و دەرونی, تاوانکار خۆی دەزانێت چەپڵەی لایەنگرانی نەزان چەندە زۆر بێت, پیاهەڵدانی گەمژەکان تژی بێت و کۆمەڵگای داگرتبێت, هێزی زەبلاحی هەبێت, هژمۆنیا لە قوڵایی ئاسماندا بێت, تاوان ناسڕیتەوە, بچوکە لە ئاست قوربانییەکی بێدەسەڵاتدا, بەردەوام تارمایی تاوانەکە راوی دەنێن, حەقیقەت بە دوای وەڵام نەدراوەکاندا دەگەڕێت, تەنها بە پیادەکردنی داد پەروەری و گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی و وەرگرتنی سزاو و قەربوکردنەوەی قوربانیان وکەسوکارەکانیان و دان نان بە هەقیقەت چ وەك چۆنیەتی تاوانەکە وە چ وەك حەقیقەتە یاسایەکە و داوای لێبوردن کردن لە قوربانیان و زیانلێکەتووان ئازارەکە سوك دەبێت نەك کۆتایی پێ بێت, کۆتایی هاتن نییە لە روی تۆماری مێژوو لە سیڤی کەسی تاوانباردا, تاوان هەقی بەسەر ئەوەوە نییە کێ ئە نجامی داوە, پێگەی چییە لە ئێستادا و چی دەکات لە داهاتوودا, بەڵکە هەقی بەسەر کردەوەکانی رابردووەوە هەیە, تاوان کاری رابردوون, وەلێ سزاکەیان کاری ئایندەیە, کەسێك ببێتە بکەری تاوان ئەوا تاوانبارە ئیتر هەر کێیەك بێت, لەگەڵ کردارەکەدا نازناوەکە هەڵدەگریت, ئینکاری تاوان و پیرۆز کردنی تاوانبار بۆخۆی بەشێکە لە تاوان, هەنگاوی یەکەمی چەسپاندنی حوکمی یاسا لەهەر وڵاتێکدا سەرەتا بە دادگاییکردنی ئەمانە دەست پێ دەکات, نەك ئەمانە لە دەرەوەی دادوەری بن و ئاڵای یاساخوازی بەرز بکەنەوە, دادوەری ئیستسنائی تێدا نییە, کەس لە دەرەوەی بازنەکەی نییە, پارێزبەندی نادات بەکەس, خۆ هیتلەر لە وڵاتی فەیلەسوفاندا جەماوەریترین کەس بوو, بینۆتشەو سەدام حوسێن خەڵك سەرەتا دەیان ویستن, وڵاتەکانیان پێش خست, غۆنتر غراس نۆبلی وەرگرت, وەلێ لایەنگری لە نازی لە قۆناغی لاویدا لە بیر نەکرا, کەسیش ناتوانێت لەژێر پەردەی حیزب و حکومەت و شەڕدا تاوانەکان خۆی بشارێتەوە, بە پێی پرنسیب و یاساکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و دادگا جیهانیەکان کەس تاوانبارە نەك حیزب و حکومەتەکان, بەرپرسیارێتی تاوان لە ئەستۆی تاکە, بۆیە کەس ناتوانێت لە ژێر ئەو پەردانە خۆی بشارێتەوە, لە دارفۆر عومەر بەشیر لە پاڵ ئەحمەد هارون وەزیری ناوخۆو عەلی محەمەد عەلی فەرماندەی جا نجوید تاوانبارن نەك سودان و پارتی کۆنگرەی گەل, نموونە لەم بوارەدا زۆرن, هەموو کەیسەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەم پێوەرەن, بۆیە ئەوانەی لە رابردوو لە کوردستان تاوانیان ئە نجامداوە کەسەکانن نەك پارتەکان"بڕیار دەران, بانگەشەکەران و هاندەران"راگەیاندن کاران", جێبەجێکاران", دیاریکردنی ئەمانەش لە رێگای تۆمەت بەخشینەوە نابێت, بەڵکە لە رێگای لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنەوە دەبێت, رێگریکردنیش لە دادگاییکردن ئەویش بۆخۆی تاوانە, دادگاییکردن وەك کوشتنی رەحیم وایە, ئازاری نەخۆش کەمەکاتەوە, کەسی تاوانبار هەمیشە ئازاری دەروونی هەیە, پێویستە لە رێگای دادگاو سزاوە رزگار بکرێت لەو ئازارە دەرونییە, تا ئەمانە سزا نەدرێن لە دادگادا و قەربوی بنەماڵەی قوربانیان نەکرێتەوە, روفاتی قوربانیان نەدرێتەوە بە بنەماڵەکانیان, مۆنمێنتی یاداوەریان بۆ دروست نەکرێت, داد پەروەری

ناگەڕێتەوەو برینەکانیش بیٚ چارەسەر هەر دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبن لە کولاندنەوەو ئازارەکان لە گەڵ تەمەندا دێن, روحی تاوانەکان هەمیشە وەك مۆتە بەسەریانەوەیە وەك تارمایی دەمێنێتەوە, کۆمەڵگاش بە دەم ئەم برینە ئەبەدیانەوە دەتلیٚتەوە, بە پێی کات سزای تاوان و تاوانکار ناگۆڕێت, چونکە تاوانەکان ئەوانەی رویانداوە لە رابردوو و بەردەوامیشە تا ئاستی تاوانە گەورە جیهانیەکان دەڕۆن, ئەوانەی لە خەمی نەکولاندنەوەی برینەکاندان پێویستە داوای زوو جێبەجێکردنی داد پەروەری بکەن نەك شاردنەوەی, دەبێت تاوانباران دان بە رابردووی خۆیاندا بنێن, داد پەروەری بۆ قوربانیان بگەڕێتەوە, بە رێگا گرتن لە دەربازبوون لە سزا, تا داد پەروەری نەگەڕێتەوە بۆ تاوانەکانی رابردوو, ناتوانین دوا رۆژی باشتر بەدی بێنین, تا یاسا نەبێتە هێڵی جیاکەرەوەی تاوانکار و قوربانی, ئەوا ئاشتەوایی بەدی نایات, دادوەری, دادوەری دادپەروەر, دادوەرە لە نێوان قوربانی و تاوانکاردا, ئەوە سنوریان جیا دەکاتەوە, نەك پۆست و دەسەلاٚت و هێزو باوەڕی سیاسی, بێلایەنکردنی دادگاکان و دامالینیان لە هەژموونی سیاسەت، کەلتوورو بەهێزکردنی داواکاری گشتی هەنگاوی یەکەمە لەو بوارەدا ,کەواتە با بەفلاش باکی گومانەوە بگەڕێنەوە بۆ دواوە, کۆمەڵگا لەو درم و ڤایرۆسە پاك بکەینەوە, کە بۆتە هۆی فێلکردن لە مێژوو.

لە هەموو بارگرژیەك لە نێوان لایەنەکان وەك ئاگر بەردان لە پەرێز, دۆسیەکان رابردوو کلپە دەسێنێتەوەو تاوانەکان زەق دەبنەوەو دێنەوە مەیدان, تارمایەکەی بەردەوام بەسەر کۆمەڵگاوە دەبێت, وتەی هەموو لایەنەکانیش بەرامبەر نەیارەکانیان لە ژماردنی تاوانەکانیان لە راستیەوە نزیکەو حەقیقەتێك هەیە لە ئەنجامدانی, تا دادگا یەکلای دەکاتەوە, ئەوا هەر مۆتەکەی بە راستی دەمێنێتەوە, تۆڕە کۆمەلاٚیەتیەکانیش زیاتر خەڵك لە ناوەڕۆکەکانی ئاگادار دەکاتەوەو هیچ بەهانەیەك بۆ هیچ کەسێك, لە ژێر هەر ئالاٚیەکدا بێت نییە بۆ ئەنجامدانی تاوان, چونکە یاسا وداد پەروەری لەو چرکە ساتانە کۆتاییان نایات کە بەهانەی تاوان دێنە پێشەوە لە شەڕو ململانێی سیاسی, بەڵکە لەو چرکە ساتانە چاوەکانی تیژتر دەبن, لە هیچ بارودۆخێکدا مرۆڤەکان دەست کراوە نین بۆ ئە نجامدانی تاوان, ئەگەر هەڕەشەی لەسەر بێت و لایەنی بەرامەریش پەلاماردەرو هەڵەو تاوانباریش بێت تا ئاستی خیانەت وەك خۆیان ئاماژەی پیٚ دەدەن, هەموو لایەنەکانی شەڕ دەبێت رێز لە یاسای نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ بگرن, بە پێی پە یماننامە نێودەوڵەتیەکان مامەڵە بکەن, دەسەلاٚت و ئۆپۆزسیۆن بە یەك ئاست لەبەرامبەر لێپرسینەوەدان, کە چویتە شاخ, یان چەکت بەناوی بزاڤی نەتەوایەتیەوە هەڵگرت, یان نەیارەکەت دڕندەو بێزلێکراو بوو لە ئاستی جیهانی , یان و یان, رێگا بە تۆ نادات, لە دەرەوەی پرنسیپەکان تاوانی قەرەقوشیانە ئە نجام بدەیت, لە کوشتنی دەرەوی دادگا, تیرۆر, ئەشکە نجە, کوشتنی دیل, ئەشکە نجە دانی هاولاٚتیان, بە بارمتەگرتنی هاوولاٚتیان لە کاتی شەڕی ناو لادیٚ, شوێنبزرکردن, چەکدارکردنی مندالاٚن, ڕفاندن و کوشتنی هەڕەمەکی, نرخ دانەنان بۆ ژیانی مەدەنیەکان، هێرشی مەرگهێنەرانە لە ناوچەکانی دانیشتوان کە خەڵك تیایاندا کوژراون و بریندارکرون, کردنی ولاٚت بە نێوجەرگەی شەڕی

وڵاتـان, ڕێگا گرتن لە دەربـاز بوونی خەڵك لە نـاوچەکانی شەڕ, ڕێزنەگرتن لە سەروەت و سامانی خەڵکی, نە پاراستنی کەرامەتی هاووڵاتیان و .........وەك دەبینین لە رابردوو کوشتنی نەیار شۆڕشگێڕی بوو, خوێنڕشتن قـارەمانێتی بوبێت, ئێستا مرۆڤەکان خۆیانی لێ بێبەری دەکەن, ئەگەر چی ئەمانە نەك راستیەکان بڵاو ناکەنەوە, وە دەرگای دادوەریان داخستووە, تەنانەت ئامادە نین بچوکترین هەنگاو کە دان نـان بە تـاوانەکان و داوای لێبوردن کردنە بنێن, تەنانەت هیچ سیاسیەك و بەرپرسێك لە وتەیەکی نابەجێ و کردەیەکی بەدی خۆی پەشیمان نییە و بەرپرسیارێتی هیچ دەرئە نجامێکی خراپیشی هەڵناگرێت کە لە رابردوو ئە نجامیان داوە, ئەوان وشیاری پەشیمانیان نییە, پەشیمانی و داوای لێبوردن کردن بە نەنگی دەزانن لە کاتێکدا لە روی بـانگەشەی سیاسیەوە ئیدعـای مەدەنیەت دەکەن, لە کـاتێکدا پەشیمانی و داوای لێبوردنکردن ئەخلاق و بەرپرسیارێتیە نەك بەرامبەر رابردوو, بگرە بۆ داهاتووش, بۆ دوبارە نەبوونەوەی تـاوانەکان, شەرمکردن لە تـاوان و هەستکردن بە گونـاح بەشێکن لە هەستکردن بە مرۆڤ بوون, ئەگەر تـاوان وەك حەرامی کۆمەڵایەتی بکرێتە کلتور, ئیتر ئەم ملهوڕییە جێگایان لە کۆمەڵگادا نامێنێت, دەبێت لەو قۆنـاغە دەرچین داوای لێبورد کردن کفری سیاسی بێت, دەبێت بکرێتە بەشێك لە سیاسەتی بـاو, کلتوری بـاو, سەردەمی پیرۆز ناساندنی درندەیی تۆقێنەر بەسەر چووە, ئـاڵای داد پەروری و لێبوردەیی جێگای درندەیی گرتۆتەوە.

دۆسیەکان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆو دادگای بەهێز هەیە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدات, هەر کەچووە دادگاوە, دوای ئەوەی بە تۆمەتەکانی بەسەردا ساغبووەوە, دوای سەلماندن و بە بەڵگەکردنی ڕووداوەکان ئەوا دەبێتە بەشێك لە مێژوو, ئەوجا پێویستە ڕووداوەکان بەزمانی بێلایەنی و بە شێوەی زانستی بنووسرێتەوە, بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەوەکانی داهاتوو ناچار نەبنەوە دەستکاری مێژوو بکەنەوە.

ئەوان بۆ نەمرکردن و جوانکردن و رەوایەتیدان بە خۆیان, هەموو مێژوویەکیان تەزویر کردووە,یاداشتەکانیان پڕ پڕە, وێڕای بەسەرهاتی تـاوانەکان, نـاو, شوێن سـاڵ و رۆژی لە دایك بوون و مردنیش, خێڵ و عەشیرەت, هەمووشی بە پیرۆز دەزانن, دەست لێدانیشی قەبوڵ نـاکەن, بۆیە دەبێت سومبلە پیرۆزەکان هەڵتەکێنرێن و هەموو مێژووەکان سەر لە نوێ بنووسرێنەوە, هەندێك خراپ بـاشە بن, هەندێك بـاشیش خراپە بن لە داهاتوودا, هەندێك ئـازایەتی ئەمڕۆ سبەی دەبنە تـاوان, هەندێك تـاوانی ئەمڕۆش دەبنە چرای ژیانی داهاتوو, کـاتێك مێژوو و رەوایەتی لە دیلی ئـایدۆلۆجیا و ئەفسانەی نەتەوایەتی و ئـاینی رزگاریان دەبێت, ئەوکات پێویستمان بە مێژوویەکی نوێ دەبێت, بە ئـازاد بوونی مێژوو لە کۆت و بەندی فەرمانڕەوایان و پیرۆزی و ئـایدۆلۆژیا, ئیتر سەرتـا پـای ئەو مێژووە دەگۆڕێت دەسەڵاتداران و خـاوەند ئـایدۆلۆژی و ئـاینەکان بۆ بە پیرۆز کردنی مێژوییەکەیان نووسیویانە, مێژوییەك قسە کردن لەسەری ببوە کفر, ئێستا دەبێت مێژوو لە روانگەی بەهـا دادپەروەریەکان ئـازاد بکرێت, مێژوو لە پیشەسازییەوە بکرێتە حەقیقەت, لە ویستی دەسەڵاتداران و بەرژەوەندییانەوە بکرێتە نوسینەوەی راستیەکانی هەنـاوی کۆمەڵگا, بنچینەی فەلسەفەی مێژوو

بریتیه له پشکنین و گەڕان بەدوای دوو وەڵامدا, کەی و چۆن  رویاندا؟, کێ و له کوێ ؟,مێژوو پڕە له درۆی کەسانی تاوانبار و دزو  ترسنۆك و بوغزاوی ئەژدیها ئاسای فێڵباز, مرۆڤ لەو رۆژەوەی له دایك دەبێت مێژووەکەی دەست پێدەکات، به چاك  و خرا پیەوە, نابێت کەرت کەرت بکرێن, مێژوو ئاوێنەی هەموو کردارەکانیەتی, به ئارەزووی خۆی و هەواداران نانوسرێتەوە, بەڵکه کردارەکان وشەکان که پێکهاتەی مێژووەکەن  دیاریدەکەن, هاوکات مێژووی دوێنێ لەمرۆ جیاناکرێتەوە, هەموو پێکەوە یەکەیەکی  دانەبڕون, نابێت مێژوو  پیرۆز نیشان بدرێت, دەبێت پیرۆزیی  لێ وەربگرترێتەوە, تەنانەت پیرۆزی له ئەفسانەکانیش  وەربگرترێتەوە, رەوایەتی پێ بدرێت و تەسلیم به راستیەکان بکرێت.

کەواتە ئەوەی هەیە و نووسراوەو ناو نراوە مێژوو , حەقیقەتەکانی هەموو رێژەییەو له گۆڕانە, ناتوانرێت راستیەکان تا کۆتایی بشاردرێنەوە, ئەگەر دەرگای راستیەکانی مێژووش داخرابێتن به زەبرو ستەمکاری, لەودیو دەرگاکانەوە راستییەکان خۆیان رزگار دەکەن و سەردەردێنن.

مێژووی هەموو گەلان پڕە له خوێن و کوشت و بڕ, زوحاك له چاویانەوە  فریشتەیە, زوحاکەکانی ئەمڕۆ  زۆر زیاتر له زوحاکه ئەفساناویەکانی مێژوو تاوانیان کردووە, له بری ئەوەی ئەژدیهان لەسەر شانیان بڕوێت, خۆیان بونەته ئەژدیهای حەوت سەرە, له مێژووی  نوێدا ئەژدیها ئەژدیهایه نەك پەری دەریا, کەواتە  پێکەوە کار بکەین بۆ نووسینەوەی مێژوو له بەر رۆشنایی دادوەری داد پەروەردا,  پەری و ئەژدیها لەیەکتر جیابکەینەوە,  پێش هەموو کارێك وەك گەلێکی ستەملێکراو پێویستمان بەو جیاکردنەوەیه هەیە, بۆ ئەوەی له رێی ئەو ئەژدیهایانەوە نەبینه دێو.